لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ڕێگا بەسوودەكانی
## گەیشتن بە
# ژیانێكی بەختەوەر

( الوَسائل المُفيدة للحياة السعيدة )

## ( هەندێك چارەسەری نەخۆشیە دەروونیەكان )

لە دانانی

زانای گەورە و پایەدار

عبد الرَّحمن بن ناصر بن السعدي

وەرگێڕانی

**محمد عبد الرحمن لطيف**

وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهیم) / كەلار

چاپی یەكەم                                                          ١٤٣٨ ك

---


**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی وەزارەتی کاروباری ئیسلامی و ئەوقاف :

سوپاس و ستایش بۆ خوا بە تەنها ، وە صەڵات و سەلامیش لە ئەو پێغەمبەرە بێت کە هیچ پێغەمبەرێکی تر لە پاش ئەو نابێت و لەسەر کەسوکار و هاوەڵانی هەر هەموویان و لەسەر ئەوانەش کە بە چاکە شوێنی دەکەون تاوەکو ڕۆژی پاداشت وەرگرتنەوە ، دوای ئەوە :

بەڕاستی ئەم نامیلکە موبارەك و بەفەڕە کە ناونراوە : (**الوسائل المفيدة للحياة السعيدة**) واتای بەختەوەری ڕاستەقینە کە بریتی‌یە لە ئامانجی هەرە بەرزی هەموو مرۆڤێك لەم ژیانەدا ئاشکرا دەکات و ڕوون دەکاتەوە ، وە ڕاوبۆچوونەکان جیاواز و جودان سەبارەت بە چەمکی بەختەوەری و چۆنیش بەدیدێت ، کەسانێك هەن وادەبینن کە بەختەوەری بە کۆکردنەوەی پارە و ماڵ و سامانەکان و گەشەپێکردنیان بەدیدێت ، وە کەسانێکیش هەن بەختەوەری لە هەبوونی لەشساغی و ئەمن و ئارامی نیشتماندا دەبیننەوە ، وە هەشیانە لە ڕزقی حەڵاڵ و دەستخستنی زانستی بەسوودا دەبیننەوە ، وە هەشیانە لە ئیمانی ڕاستگۆیانە و کردەوەی چاك و دامەزران و بەردەوام بوون لەسەر ئەوەدا دەبیننەوە ، وە هیچ ڕێگر و بەربەستێك نی‌یە لە پێش چوونەژوورەوەی هەموو

ئەوانەی کە باسکران بۆ ناو چەمکی بەختەوەری ئەوەندەی کە دەگونجێن لەگەڵ بنەما و ڕێکخەرە شەرعییەکان ، بەڵام بەختەوەری دەبێت بە دوو بەشەوە :

١ / بەختەوەرییەکی دونیایی کاتی و سنووردار بە تەمەنێکی کورت و گۆڕانکاری بەسەردا هاتوو .

٢ / وە بەختەوەرییەکی دوارۆژ و قیامەتی هەمیشەیی کە نابڕێتەوە و سنووردداریش نییە .

وە هەردووکیشیان پەیوەست و وابەستەن بە یەکەوە ، بەختەوەری دونیا وابەستەیە بە بەختەوەری دوارۆژەوە و ژیانی بەختەوەری کامڵ و خۆشیش لە دونیا و دوارۆژدا تەنها بە ڕەزامەندی خوا لە ئیمانداره لەخواترسەکان بەدیدێت ، هەروەکو چۆن خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : هەرکەسێك کردەوەی چاکە ئەنجامبدات لە نێر بێت یان مێ و باوەڕدار بێت ئەوا بەدڵنیایی ژیانێکی خۆشی بۆ دەڕەخسێنین لە دونیادا ، وە بەدڵنیایی لە دوارۆژیشدا پاداشتیان دەدەینەوە بە باشتر لەوەی کە کردوویانە .

ئەی برای بەڕێز و پیرۆز : ئایا هەموو بەختەوەری کامەیە ؟ وە چۆن بەدیدێت ؟ وە ئایا نەگبەتی و بەدبەختی کامەیە ؟ وە چۆن وریا و ئاگادار بین لـێی ؟

بەڕاستی بەختەوەری کۆبووەتەوە لە گوێڕایەڵی خوای پاك و پایەدار و گوێڕایەڵی پێغەمبەرە بەڕێز و پیرۆزەکەی (مُحَمَّد ﷺ) .

هەروەها بەڕاستی نەگبەتی و بەدبەختیش کۆبووەتەوە لە سەرپێچی کردنی خوا و پێغەمبەرەکەیدا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب] .

واتە : وە هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا براوە و سەرکەوتووە بردنەوەیەکی گەورە .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا ٣٦﴾ [الأحزاب] .

واتە : وە هەرکەسێك سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا گومڕابووە گومڕابوونێکی روون و ئاشکرا .

وە ئەم کتێبەی کە لەبەردەستماندایە بریتییە لە کتێبی (**الوسائل المفيدة للحياة السعيدة**) لە دانراوی زانای زۆر شارەزا ڕێزدار شێخ (عبد الرحمن بن ناصر

بن عبد الله السعدي) ڕەحمەتی خوای لێبێت هەشت بەشی لەخۆگرتووە ، دانەر تێیاندا ئەو هۆکارانەی روون کردووەتەوە کە سەردەکێشن بۆ بەختەوەری ڕاستەقینە ، وە ڕێگاکان و هۆکارەکانی بەدەستخستنی بەختەوەری روون کردووەتەوە بە پشت بەستن بە بەڵگە شەرعییە وەرگیراوەکان لە قورئان و سوننەت ، بە مەبەستی دیاری کردنی ڕێگای ڕاست و دروست بۆ ژیانی بەختەوەر کە هەموو موسڵمانێك ئاواتەخوازیەتی ، وە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای موسڵمانان لەسەری بڕۆن لە ڕێکخستنی ژیانیان لەسەر ڕووناکی و بەرچاوڕۆشنی .

وە بە مەبەستی هاوپشکبوونی (وەزارەتی کاروباری ئیسلامی و ئەوقاف و بانگەواز و ڕێنمایی) لە بڵاوکردنەوەی وشیاری ڕاست و دروست و وشیارکردنەوەی خەڵك بەم ڕێگایانە ئەم کتێبە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی کە ببێت بە یەکێك لە بڵاوکراوە بەسوودەکانی و بشبێتە ڕێپیشاندەر و ڕێنماییەك لەم ژیانە پڕ لە خۆشی تێکدەرەکان .

داوا لە خوای بەرز و بەتوانا دەکەین کە ئەجر و پاداشتی ئەو کەسە گەورە بکات کە دایناوە و ئەوەیش کە هەوڵیداوە بۆ چاپکردنی و بڵاوکردنەوەی و دەرهێنانی یان هاوکاری کردووە لەسەر ئەوانە ، وە خوایش یارمەتیدەر و ڕێپیشاندەرە بۆ ڕێگای ڕاست ، وە هەر ئەویش بەسە بۆمان و باشترین پشت پێبەستراوە .

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ وَبَارَكَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين

د. عبد الله بن أحمد الزيد

**وەکیلی یاریدەدەری وەزارەت**

**بۆ کاروباری چاپەمەنیيەکان و بڵاوکردنەوە**

## * پێشەکی چاپی سێیەم لە لایەن (الشیخ عبد الله بن جار الله الجار الله)وە :

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیان ، وە شایەتی دەدەم بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، تەنهایە و بێ شەریکە ، وە شایەتیش دەدەم بەوەی کەوا (مُحَمَّد) عەبد و نێردراوی خوایە صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت و لەسەر کەسوکار و شوێنکەوتوان و صەحابەکانیشی هەر هەموویان ، دوای ئەوە :

بەڕاستی ژیانێکی بەختەوەر بریتییە لە ئامانجی هەرە بەرزی هەموو مرۆڤێك ، وە ڕاوبۆچوونەکانی خەڵك جیاوازن سەبارەت بە چەمکی بەختەوەری ، هەندێکیان وادەبینن کە بەختەوەری بریتییە لە کۆکردنەوەی پارە و ماڵ ، وە هەندێکیشیان لە هەبوونی لەشساغی و ئەمن و ئارامی و جێگیربووندا دەیبیننەوە ، وە هەشیانە بەختەوەری لە خانووی فراوان و خواردنە خۆشەکان و هاوسەری صاڵح و چاکدا دەیبینێتەوە ، وە هەندێکیشیان لە جۆراوجۆرکردنی خواردنە خۆشەکاندا دەیبینێتەوە ، وە هەشیانە بەختەوەری لە دەستخستنی ڕزقی حەڵاڵ و زانستی بەسووددا دەبینێتەوە ، وە هەندێکیشیان بەختەوەری لە ئیمانی ڕاستگۆیانە و کردەوەی چاکدا دەیبینێتەوە ، وە هیچ ڕێگر و بەربەستێك نییە لە پێش چوونەژوورەوەی هەموو ئەوانەی کە باسکران بۆ ناو چەمکی بەختەوەری .

وە تێبینی ئەوەیش دەکرێت کە بەختەوەری دەبێت بە دوو بەشەوە :

١ / بەختەوەرییەکی دونیایی کات بۆ دیاریکراو بە تەمەنێکی کورت و سنووردارەوە .

٢ / وە بەختەوەرییەکی دواڕۆژ و قیامەتی هەمیشەیی و نەبڕاوە .

وە بەختەوەری دونیا وابەستەیە بە بەختەوەری دواڕۆژەوە و بەختەوەری کامڵ و تەواویش لە دونیا و دواڕۆژدا تەنها بۆ ئیماندارە لەخواترسەکانە ، هەروەکو چۆن خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ [النحل] .

واتە : هەرکەسێك کردەوەی چاکە ئەنجامبدات لە نێر بێت یان مێ و باوەڕدار بێت ئەوا بەدڵنیایی ژیانێکی خۆشی بۆ دەڕەخسێنین لە دونیادا ، وە بەدڵنیایی لە دواڕۆژیشدا پاداشتیان دەدەینەوە بە باشتر لەوەی کە کردوویانە .

وە ژیانی خۆش لە دونیادا بریتییە لە ئاسوودەیی دڵ و ئارامی دەروون و قایلبوون بە ڕزقی خوا و گەیشتن بە چێژی عیبادەت و خواپەرستی ، وە پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری سەرفرازبوون و بردنەوە و سەرکەوتنی لە دونیا و دواڕۆژدا داوە بۆ ئەو موسڵمانەی کە ڕزقێکی حەڵاڵی پێدراوە بە ئەندازەی پێویست و پێیشی قایل

و ڕازیە ، پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) فەرموویەتی : ((قَدْ أَفْلَحَ مَنْ أَسْلَمَ ، وَرُزِقَ كَفَافًا ، وَقَنَّعَهُ اللَّهُ بِمَا آتَاهُ))[1].

واتە : ئەو کەسە سەرفراز و براوەیە کە موسڵمان بووە و هەندە ڕزقی پێدراوە کە بەشی بکات و خوا قایلی کردووە بەوەی کە پێیداوە .

بەڕاستی بەختەوەری هەر هەمووی کۆبووەتەوە لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) ، وە نەگبەتی و بەدبەختیش هەر هەمووی کۆبووەتەوە لە سەرپێچی کردنی خوا و پێغەمبەرەکەیدا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ [الأحزاب] .

واتە : وە هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا براوە و سەرکەوتووە بردنەوەیەکی گەورە .

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا ﴿٣٦﴾﴾ [الأحزاب] .

واتە : وە هەرکەسێك سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوا گومڕابووە گومڕابوونێکی ڕوون و ئاشکرا .

---

[1] رواه مسلم رقم : (٢٤٢٣) .

وە لەبەر ئەوەی کە ئەم نامیلکەیەی وا پێشەکی بۆ دەنووسین گرنگترین دەوا و دەرمان و چارەسەرەکانی دڵەڕاوکێی دەروونی لەخۆگرتووە و چاپەکانی تری نەماون ، برای ڕێزدار (الشيخ محمد بن عبد الرحمن العسكر) فەرمانی کرد بە چاپکردنی لەسەر ئەرك و خەرجی خۆی ، داواکارین خوای گەورە پاداشتی بداتەوە و بیخاتە ناو تەرازووی چاکەکانیەوە و نموونەی زیاد کات ، هەروەها برای ڕێزداریش (الشيخ محمد بن علي العرفج) ئاماژەی کرد بە دووبارە چاپ کردنەوەی چونکە هەواڵیداوە بەوەی کە ئەو بەم نامیلکەیە زۆرێك لە حاڵەت و نەخۆشیە دەروونیەکانی لای گەنجانی پێچارەسەر کردووە ، خوا پاداشتی خێری بداتەوە و ئەو کەسەیش کە ڕێنمایی بکات بۆ کاری خێر وەکو ئەنجامدەرەکەی وایە ، وە من پێم خۆش بوو کەوا سەرپەرشتی چاپکردنی بکەم و هەستم بە دەرهێنان و تەخریج کردنی فەرموودەکانی و ژمارەی ئایەتە قورئانیەکانیش باس بکەم بەڵکو ببم بە شەریك و هاوبەش لە پاداشت و ئەجردا ، وە کوڕەکەی دانەر (عبد الله بن عبد الرحمن السعدي) مۆڵەتیداین بە چاپکردنی خوا پاداشتی خێری بداتەوە ، وە داوا لە خوای بەخشندە و پەروەردگاری عەرشی گەورە دەکەم کەوا لە گوناهەکانی ئێمە و دانەر و هەموو ئەو کەسانەش کە هەوڵیان هەبووە لە چاپکردنی ئەم کتێبەدا خۆشببێت ، وە هەر ئەویش بەسە بۆمان و باشترین پشت پێبەستراوە .

**وَصَلَّـى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَـى نَبِيِّنَا مُـحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِين**

عبد الله بن جار الله الـجار الله

٢٢ / ٣ / ١٤٠٣ هـ

## * پێشەکی چاپی یەکەم لە لایەن دامەزراوەی نور بۆ چاپکردن و لەبەرگگرتن :

وە ئەم نامیلکەیەی کە لەبەردەستماندایە هێڵە پانەکانی بەختەوەری ڕاستەقینەی داناوە کە مرۆڤ داخوازی دەکات و هەوڵی بۆ دەدات بەدوور لە بەلاداشکانی مرۆڤانە و بە پشتبەستن بە بەڵگە جێگیرەکان لە قورئانی گەورە و ڕێنمایی پێغەمبەرانەی دانایانە لە هێڵکاری و دیاری کردنی گۆشەکانی بەختەوەری ڕاستەقینە ، وە هەر ئەمانە خۆیان بریتین لە ئەو بەختەوەریەی کە پیاوی موسڵمان ژیانی لەسەر دادەمەزرێنێت و کۆمەڵگای ئیمانداران تێیدا دەژین ، چونکە ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ ڕێکخستنی ڕێڕەویان لە ژیاندا لەسەر لەخواترسان و ڕەزامەندی خوا .

وە نووسەری ئەم کتێبە بریتییە لە خاوەنی ڕێز و چاکە شێخی زانا و زۆر شارەزا (عبد الرحمن بن ناصر بن عبد الله آل سعدي) کە لە شاری (عُنيزة)* لە ناوچەی (القصيم) لە هەرێمی (نجد) لە شانیشینی عەربستانی سعودیٚ لەدایك بووە ، وە هەر لە تەمەنی منداڵییدا باوك و دایکی مردوون ، بەڵام ئەندازەیەکی زۆر لە زیرەکی و فرەزانی و تامەزرۆیی بۆ زانست خواستن (طلب العلم) هەبووە ، وە هەر

---

* لە ساڵی (١٤٣٨)دا لە سەفەری عومرەدا وەك (گەشتێکی زانستی / رِحْلَةٌ عِلْمِيَّة) سەردانێکی ئەم شارەم کرد و سەردانی (مؤسسة الشيخ ابن العثيمين الخيرية)م کرد .

لە سەرەتای تەمەنیەوە دەستی کردووە بە لەبەرکردنی قورئان تاوەکو لە تەمەنی دوانزە ساڵ بوونیدا تەواوی کردووە و بە ڕێك و پێکی لەبەری کردووە ، وە دەستی کردووە بە خواستن و گەڕان بە دوای زانستەکاندا و لە زانایانی وڵاتەکەی خۆی و جگە لەوانیش لەوانەی کە روویان تێدەکرد زانستەکانی وەردەگرت ، وە لە پێناو ئەوەدا هەوڵ و ڕەنجی خۆیی بەخشی تاوەکو بەشی هەرە زۆر و پشکی هەرە گەورەی لە زانستەکان و زانیاریەکان دەست کەوت .

وە لە تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوونیدا دەستیکرد بە کۆکردنەوەی نێوان زانست خواستن و وانەوتنەوە* و سوودوەرگرتن و سوودگەیاندن ، وە لەو پێناوەدا هەموو کاتەکانی خۆیی بەسەربرد بە درێژای تەمەنی ، وە زۆرێك لە خەڵك زانستیان لێیەوە وەرگرتووە و سوودیان لێ‌ی بینیوە .

وە لە مامۆستاکانی :

١ ـ (الشيخ إبراهيم بن حمد بن جاسر) ، کە یەکەم کەس بووە لای خوێندوویەتی .

---

* واتە : لە تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوونیدا هەم دەرسی خوێندووە و هەم دەرسیشی وتوەتەوە ، واتە : هەم قوتابی بووە و هەم مامۆستایش بووە .

٢ ـ (الشيخ صالح بن عثمان) **قــازی شــاری** (عُنيزة) ، **زانســتەکانی** (توحيد) و (تفسير) و (فقه) و (أصول الفقه) و (عربي) **لــێوە وەرگرتــووە ، وە لەگەڵیـدا بـووە و پێیەوە وابەستەبووە تاوەکو مردنی .**

**وە شێخ سەعدی خاوەنی شارەزاییەکی تەواو بووە بـە** (فقه) و (أصول الفقه) ، **وە خاوەنی لێزانینێکی کامڵ بووە بە** (توحيد) **و پـرس و باسـەکانی ، ئەمـەیش بـە هۆی سەرقاڵ بوونیەوە بووە بە کتێبە بە نـرخ و حیسـاب بۆکراوەکـان و گرنگـی و بایەخدانی بە دانراوەکانی** (ابن تيمية) و (ابن القيم)**یشـەوە بـە تایبـەتی ، هـەروەها بایەخێکی زۆریشـی داوە بـە** (تفسير) **و جۆرەکـانی ، وە** (تفسير)**ی خوێندووەتـەوە تاوەکو تێیـدا هەڵکـەوتووە و بـە جـوانی زانیویـەتی ، تـاوەکو وای لـێ‌هاتووە کـە دەستێکی باڵای هەبێت تێیدا ، وە چەندین دانراوی هەیە لە بواری** (تفسير)**دا :**

١ ـ (تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان)، **کە لە هەشت بەرگ پێکهاتووە.**

٢ ـ تيسير اللطيف المنان في خلاصة تفسير القرآن .

٣ ـ القواعد الحسان لتفسير القرآن .

**وە لە دانراوەکانی تری ـ کە ئامۆژگاری دەکرێت بە دەستخستن و لەخۆگرتن و سوودلـێ‌وەرگرتنیان ـ جگە لەوانەی پێشتر :**

٤ ـ الإرشاد إلى معرفة الأحكام .

٥ ـ الرياض الناضرة .

٦ ـ بهجة قلوب الأبرار .

٧ ـ منهج السالكين وتوضيح الفقه في الدين .

٨ ـ حكم شرب الدخان وبيعه وشرائه .

٩ ـ الفتاوى السعدية .

١٠ ـ له ثلاثة دواوين خطب منبرية نافعة .

١١ ـ الحق الواضح المبين بشرح توحيد الأنبياء والمرسلين .

١٢ ـ توضيح الكافية الشافية (نونية ابن القيم) .

**وە چەندین دانراوی زۆری لە بوارەکانی** (فقه) **و** (توحيد) **و** (حديث) **و** (أصول الفقه) **و چەندین توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و**

**فەتوای هەمەجۆر .**

**مردنی : تووشی نەخۆشیەکی توندی کوتوپڕ بوو کە ئاگادارکەرەوەی نزیکبوونەوەی مردنی بوو ، تەمەنی دیاری کراوی کۆتایی پێهات لە شەوی پێنج شەممە لە بیست و سێی** (جمادى الآخرة)**ی ساڵی (١٣٧٦) کۆچی لە شاری** (عُنيزة) **، وە کاریگەری و خەمێکی قووڵی بەجێهێشت لە ناخی هەموو ئەو کەسانەی کە**

ناسـیبوویان یـان زانسـتیان لێـوە بیسـتبوو یـان نووسـراوەکانیان خوێندبێتـەوە ، خوای گەورە ڕەحمی پێبکات ڕەحمەتێکی فراوان ، وە سوودمان پێبگەیەنێت بـە زانستەکەی و دانراوەکانی ، ئامین .

الرياض في (١١ / رمضان / ١٣٧٨هـ)

مؤسسة النور للطباعة والتجليد

❁ ❁ ❁

## * پێشەکی دانەر :

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هەموو سوپاس و ستایشێك شایستەی ئەوە ، وە شایەتی دەدەم بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێك نىیە بە حەق شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، تەنهایە و بێ شەریکە ، وە شایەتیش دەدەم بەوەی کەوا (مُحَمَّد) عەبد و نێردراوی خوایە صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت و لەسەر کەسوکار و شوێنکەوتوان و صەحابەکانیشی هەر هەموویان ، دوای ئەوە :

بەڕاستی ئاسوودەیی و ئارامی و شادومانی دڵ و نەمانی خەم و پەژارەکانی خواستی هەموو کەسێکە ، وە بەمەیش ژیانی خۆش بەدیدێت و شادی و خۆشحاڵی کامڵ دەبێت ، وە ئەمەیش چەندین هۆکاری ئاینی و هۆکاری سروشتی و هۆکاری کردەیی هەیە ، وە ناشکرێت هەموو ئەمانە کۆببنەوە تەنها بۆ ئیمانداران نەبێت ، بەڵام ئەوانەی جگە لەمان ئەگەر چی لە روویەکەوە بۆیان بەدیبێت و هۆکارێکیشە کەسە ژیرەکانیان هەوڵی بۆ دەدەن ئەوا لە چەندین رووی بەسوودتر و جێگیرتر و باشتر لە ئێستا و دەرئەنجامیشدا لەدەستیان چووە .

وە من لەم نامیلکەیەمدا باسی ئەوەندەی کە ئێستا بۆم ئامادەبێت لە هۆکارەکانی ئەم خواستە بەرزە دەکەم کە هەموو کەسێك هەوڵی بۆ دەدات ..

هەندێك لەو کەسانە بەشێکی زۆر لەو هۆکارانەی پێکاوە بۆیە بە ژیانێکی بێکێشە و ئاسوودە ژیاوە و ژیانێکی خۆشی بردووەتەسەر ، وە هەندێکیشیان

شکستخواردوو بووە لە پێکانی هەموو ئەو هۆکارانەدا بۆیە بە ژیانێکی پڕ مەینەتی ژیــاوە و ژیــانی کەســانی بەدبــەختی بردووەتەســەر ، وە هەندێکیشــیان لــەو نێوەندەدان بە پێی ئەوەی کە بـۆی موەفـەق بـووە و ڕێککـەوتووە ، وە خـوایش بۆڕێکخـەر و یارمەتیـدەرە لەســەر هــەموو خێـر و چـاکەیەك و لەســەر وەلانـان و پاڵنانی هەموو شەڕ و خراپەیەکیش .

## بەشێك

١ ـ وە گەورەترین و بنچینە و بنەمای هۆکارەکانی بەختەوەری و ئاسوودەیی و ئارامی و شادومانی دڵ و نەمانی خەم و پەژارەکانی بریتییە لە **ئیمان و کردەوەی چاکە** ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٧ ﴾ [النحل] .

واتە : هەرکەسێك کردەوەی چاکە ئەنجامبدات لە نێر بێت یان مێ و ئیماندار بێت ئەوا بەدڵنیایی ژیانێکی خۆشی بۆ دەڕەخسێنین لە دونیادا ، وە بەدڵنیایی لە دواڕۆژیشدا پاداشتیان دەدەینەوە بە باشتر لەوەی کە کردوویانە .

لێرەدا خوای گەورە هەواڵیداوە و وەعد و بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە نێوان **ئیمان و کردەوەی چاکە** کۆدەکەنەوە بە ژیانێکی خۆش لەم دونیایەدا و بە پاداشتی باشیش لەم دونیایە و لە ماڵی جێگیربوونی هەتاهەتاییش لە دواڕۆژدا .

وە هۆکاری ئەوەش روون و ئاشکرایە ، چونکە باوەڕداران بە خوا باوەڕێکی ڕاست و دروست و بەرهەمهێنەری کردەوەی چاکە کە ببێتە چاککەری دڵەکان و ڕەوشت و ئەخلاق و دونیا و دواڕۆژ ، ئەم باوەڕدارانە هەندە بنچینە و بنەمایان پێیە کە تێیاندا پێشوازی بکەن لە هەموو ئەوانەی کە دێت بەسەریاندا لە

هۆکارەکـانی خۆشـحاڵبوون و شـادی و لـە هۆکارەکـانی دڵـەڕاوکێ و خـەم و پەژارەکانیش .

پێشـوازی دەکـەن لـە شـتە پێخۆشـحاڵبووەکان و دڵخۆشـکارەکان بـە وەرگرتنیان و سوپاس کردنی خوا لەسەریان و بەرکارهێنانیان لەوەدا کـە سـوودی هەبێت ، ئەگەر بەم شێوازە بەرکارهێنران ئـەوا هەنـدە لـە شـادومانبوون پێیـان و تـەماحی مانـەوە و خێـر و بەرەکـەتیان و بەئومێـدبوونی دەسـتکەوتنی پاداشـتی سوپاسگوزاران شـتانێکی گـەورەیان بـۆ پەیـدا دەکـات کـە چـاکە و خێـر و فـەڕ و بەرەکەتەکانیان زیاتر بێت لەم خۆشحاڵبوونانە کە ئەمانە بەرهەمەکانیانن .

وە پێشوازی لە شتە پێناخۆشبووەکان و زیان و زەرەر و خەم و پـەژارەکانیش دەکەن بە بەرهەڵستی کردنیان ئەوەندەی کـە لـە توانایانـدا هـەبێت بەرهەڵسـتیان بکەن ، وە بە سووك کردنـەوەیان ئەوەنـدەی کـە لـە توانایانـدا هـەبێت سـووکیان بکەنەوە ، وە بەخۆڕاگرتن و صەبر و ئارامگرتنی جوانیش لە بەرامبـەر ئەوانەیانـدا کە هیچ ڕێگە چارەیەکیان پێ نی‌یە بۆی ، وە بەوەیش هەندە لـە شـوێنەوارەکانی شـتە پێناخۆشـبووەکان بەدیـدێت بۆیـان لـە بەرهەڵسـتبوونەوە بەسـوودەکان و ئەزموونـداربوون و هێـز و توانـا پەیـداکردن و هـەروەها لـە خـۆڕاگری و صـەبر و ئـارامگرتن و بەتـەمابوونی ئـەجر و پاداشـت .. هەنـدە لـەو شـوێنەوارانەیان بـۆ بەدیـدێت شـتانێکی گـەورە کـە لەگەڵیانـدا شـتە پێناخۆشـبووەکان بپوکێنـەوە و

نەمێنن ، وە لە جیاتی ئەوانەدا شتە دڵخۆشکارەکان و ئاواتە خۆشەکان و تەماحی فەزڵ و پاداشتی خوا جێیان دەگرنەوە هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) تەعبیری لەمە کردووە لەو فەرموودە صەحیحەدا کە فەرموویەتی : ((عَجَبًا لأَمْرِ الْمُؤْمِنِ ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ ، وَلَيْسَ ذَاكَ لأَحَدٍ إِلاَّ لِلْمُؤْمِنِ ، إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ))[١].

واتە : کاروباری ئیماندار جێی سەرسوڕمانە ، چونکە بەڕاستی هەموو کاروبارەکانی هەر خێر و چاکەیە ، وە ئەوەیش بۆ هیچ کەسێك نییە جگە لە ئیماندار نەبێت ، ئەگەر خۆشییەکی تووش ببێت شوکر و سوپاسی خوا دەکات ئەمەیش خێر و چاکەیە بۆی ، وە ئەگەر زیان و زەرەرێکیشی تووش ببێت صەبر و ئارام دەگرێت ئەمەیش هەر خێر و چاکەیە بۆی .

لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵیداوە کە ئیماندار دەستکەوت و خێر و چاکە و بەروبوومی کردەوەکانی چەندین قات دەبێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە لە دەرگای دەدەن لە شتە دڵخۆشکارەکان و شتە پێناخۆشبووەکانیش ، لەبەر ئەمە دەبینیت دوو کەس ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی خێر و خۆشی یان شەڕ و خراپە ڕوویان تێدەکات و لە دەرگایان دەدات کەچی هەریەکێکیان لە پێشوازی کردنیان بۆ ئەو ڕووداوە جیاوازە لە ئەوی تریان جیاوازیەکی گەورە ، ئەوەیش بە

---

[١] رواه مسلم رقم : (٧٤٢٥) .

پێی جیاوازی نێوانیانە لە ئیمان و کردەوەی چاکەدا ، ئەو کەسەی کە ئەم دوو سیفەتەی تێدایە پێشوازی لە خێر و شەڕ دەکات بەو شێوازەی کە باسمان کرد لە شوکر و صەبر و ئەوانەیش کە بەدوایاندا دێن ، لەبەر ئەوە شادبوون و خۆشحاڵبوون و لاچوونی خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ و سینگ تەنگی و مەینەتی و ناڕەحەتی ژیانی بۆ بەدیدێت ، وە خۆشگوزەرانی و ژیانی خۆشی بۆ کامڵ دەبێت لەم دونیایەدا .

بەڵام ئەوی تریان پێشوازی لە شتە دڵخۆشکارەکان دەکات بە لەخۆبایی بوون و یاخی بوون و ملهوڕی و سنووربەزاندنەوە ، بۆیە ڕەوشت و ئەخلاقی تووشی لاڕێبوون دەبێت و پێشوازی لە ئەو شتە دڵخۆشکارانە دەکات و وەریان دەگرێت هەروەکو چۆن ئاژەڵ بە چاوچنۆکی و هەڵپەهەڵپ و شڵەژانەوە روو لە ئەو شتانە دەکات و وەریان دەگرێت ، وە لەگەڵ ئەوەشدا دڵی ئاسوودە نییە ، بەڵکو لە چەندین رووەوە دڵی پەرتەوازەیە ، دڵی پەرتەوازەیە لە رووی ترسانی لە نەمان و لەدەستچوونی شتە خۆشەویستەکان بەلایەوە ، وە لە رووی زۆربوونی بەرهەڵستکارە بەدیهاتووەکان لەو ترسەوە زۆربەی جار ، وە لەو رووەیشەوە کە دەروونەکان لە ئاستێکدا ناوەستن بەڵکو بەردەوام تامەزرۆی شتانێکی ترن و ئەو شتانەش هەندێك جار بەدەست دێن و هەندێك جاریش بەدەست نایەن ، وە ئەگەر بە گریمانەش بەدەست بێن ئەوا ئەو کەسە بەهەمان شێوە لە دڵەڕاوکێدا دەبێت لەو روانەوە کە باسکران .

هەروەها ئەم کەسە پێشوازی لە شتە پێناخۆشبووەکانیش دەکات بە دڵەڕاوکێ و پەستبوون و ترس و بێزاربوونەوە ، بۆیە پرسیار مەکە لەوەی کە چی بۆ پەیدا دەبێت لە بەدبەختی و نەهامەتی ژیان و لە نەخۆشیە هزری و فکری و دەمارگرژیەکان و هەروەها لە ترسێك کە هەندێك جار دەیگەیەنێتە خراپترینی حاڵەتەکان و ترسناکترینی دۆخە بێزارکەرەکان ، چونکە ئەو کەسە ئومێدی پاداشت وەرگرتنەوەی نییە و صەبر و ئارامگرتن بەلایەوە نییە کە دڵی بداتەوە و ناڕەحەتیەکانی لەسەر ئاسان بکات .

وە هەموو ئەمانە بە ئەزموون بینراون ، وە یەك نموونە لەم جۆرە ئەگەر تێڕامانی تێدا بکەیت و دایبەزێنیتە سەر حاڵ و بارودۆخی خەڵك ئەوا جیاوازیەکی گەورە دەبینیت لە نێوان ئیماندارێکی کردەوەکار بە پێی ئەوەی کە ئیمانەکەی دەیخوازێت و کەسێکیش کە وانەبێت ، ئەویش ئەوەیە کە دین و ئاین هانی تاکەکان دەدات بە ئەو پەڕی هاندان لەسەر قایلبوون و ڕازی بوون بە ڕزقی خوا و بەوەیش کە داوێتی بە عەبدەکان لە فەزڵ و کەرەم و بەخششی هەمەجۆری .

ئیماندار ئەگەر تاقیکرایەوە بە نەخۆشی یان بە فەقیری و نەداری یان بە هاوشێوەی ئەوانە لە پێشهاتەکان کە هەموو کەسێك لە ئەگەری ئەوەدایە تووشیان ببێت ، ئەوا ـ بە ئیمانەکەی و بەوەیش کە هەیەتی لە قایلبوون و ڕازی بوون بەوەی کە خوا کردوویەتی بە بەشی ئەو ـ ئا ئەم کەسە بەوانە چاوەکانی

ئۆقرەدەگرێت و بە دڵیشی داخوازی شتێك ناکات کە خوا بۆ ئەوی دانەناوە و قیسمەت و بەشی ئەوی تێدا نییە ، وە سەیری کەسانی خوارەوەی خۆی دەکات و سەیری کەسانی سەرەوەی خۆی ناکات ، وە لەوانەیە هەندێك جاریش شادبوون و خۆشحاڵی و ئاسوودەیی و ئارامی ئەم کەسە زیاتر بێت لە ئەو کەسەی کە هەموو شتە خوازراوە دونیاییەکانی دەستکەوتووە ئەگەر قەناعەت و قایلبوون و ڕازی بوونی پێنەدرابێت .

هەروەها ئەو کەسەیش کە کردەوەی نییە بە پێی ئەوەی کە ئیمانەکەی دەیخوازێت دەبینیت ئەگەر تاقیکرایەوە بە شتێك لە فەقیری و نەداری یان هەندێك لە شتە خوازراوە دونیاییەکانی لەدەست دەربچێت دەبینیت لە ئەو پەڕی داماوی و کەساسی و بەدبەختیدایە .

وە **نموونەیەکی تر** : ئەگەر هۆکارەکانی ترس ڕوویاندا و شتە بێزارکەرەکان هاتن بەسەر مرۆڤدا ، کەسی ئیمان ساغ و ڕاست و دروست دەبینیت دڵی دامەزراوە و ناخ و دەروونی ئاسوودە و ئارامە و دەتوانێت ئەو حاڵەتەی کە بەسەریدا هاتووە ببات بەڕێوە و بەڕێی بکات بە پێی ئەوەی کە لە توانایدا هەیە لە بیر و وتە و کردەوە ، ئەم لە ناخیدا خۆی جێگیر کردووە بۆ ئەو شتە بێزارکەرەی کە بەسەریدا هاتووە ، وە ئەمانەش چەند بوارێکن کە مرۆڤ ئاسوودە دەکەن و دڵی دامەزراو دەکەن .

هەروەکو چۆن دەبینیت کەسی بێئیمان بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە کە ئەگەر ترسەکان روویاندا ئەوا بە هۆیانەوە ناخی بێزار دەبێت و ئەعصاب و دەمارەکانی دەشڵەژێت و توونـد دەبێت و بیروبۆچوونەکانی پەرتەوازە دەبێت و ترس و تۆقین سەری تێدەکات ، وە ترسی دەرەکی و دڵەڕاوکێی ناوەکی کە ناکرێت تەعبیر لە ناوکرۆکەکەی بکەیت کۆدەبنەوە لەسەری ، وە ئەم جۆرە لە خەڵك ئەگەر هەندێك لە هۆکارە سروشتیەکانیان دەستنەکەوێت کە پێویستیان بە ڕاهێنانێکی زۆر هەیە ئەوا هێزیان دەڕوخێت و مێشك و ئەعصابیان دەشڵەژێت و توونـد دەبێت ، ئەوەیش لەبەر لەدەستدانی ئیمانە کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ صەبر و ئارامگرتن بە تایبەت لە حاڵەتە ناهەموارەکان و بارودۆخە بێتاقەتکەر و بێزارەکاندا .

کەسی چاکەکار و خراپەکار ، وە باوەڕدار و بێباوەڕیش هاوبەشن لە دەستەبەرکردنی ئازایەتی وەدەستهێنراو ، هەروەها هاوبەشن لەو غەریزەیەی کە ترسەکان سووك و کەم دەکاتەوە ، بەڵام ئیماندار تایبەت و جیاوازە لە بێئیمان بە بەهێزبوونێتی ئیمانەکەی و صەبر و ئارامگرتنی و پشت بەستنی بە خوا و بەتەمابوونی پاداشتی خوا ئەمانە شتانێکن کە ئازایەتی کەسی باوەڕدار زیاد دەکەن و قورسی و فشاری ترسی لەسەر سووك و کەم دەکەنەوە و نارەحەتیەکانی لەسەر ئاسان دەکەن ، هەروەکو چۆن خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿إِن تَكُونُواْ تَأۡلَمُونَ فَإِنَّهُمۡ يَأۡلَمُونَ كَمَا تَأۡلَمُونَۖ وَتَرۡجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرۡجُونَۗ

١٠٤﴾ [النساء] .

واتە : ئەگەر ئێوە ئێش و ئازارتان پێبگات بە هۆی بریندار بوونەوە لە کاتی جەنگدا ئەوا کافر و بێباوەڕەکانیش ئێش و ئازاریان پێدەگات هەروەکو چۆن ئێوە ئێش و ئازارتان پێدەگات ، وە ئێوە ئومێدی شتانێکتان هەیە بە خوا لە ئەجر و پاداشتی دواڕۆژ و سەرکەوتن و پشتیوانی خوا بۆتان لە دونیادا کە ئەوان ئومێدی ئەوەیان نییە .

وە هەندە لە یارمەتیدان و لەگەڵدابوونی تایبەت و کۆمەکی کردن و بەهاناوەچوونی خوایان بۆ بەدیدێت کە ترسەکان بڵاوەپێبکات ، وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦﴾ [الأنفال] .

واتە : وە خۆڕاگربن و صەبر و ئارامتان هەبێت چونکە بەڕاستی خوا لەگەڵ کەسانی بە صەبر و خۆڕاگردایە .

٢ ـ هەروەها لەو هۆکارانەی کە خەم و خەفەت و پەژارە و دڵەڕاوکێ لادەبەن : چاکەکردنە لەگەڵ خەڵك و بونەوەر بە وتە و بە کردەوە و بە جۆرەکانی چاکە و هەموو خێر و باشەیەك ، وە بەمانە خوا خەم و خەفەت و پەژارەکان وەلادەنێت لەسەر کەسی چاکەکار و خراپەکاریش بە پێی ئەو چاکەکاریانە ، بەڵام ئیماندار

کاملترین بەش و پشکی لەوەدا بۆ هەیە و تایبەت و جیایش دەبێتەوە بەوەی کە چاکەکردنەکەی ئەم لە نیازپاکی و بەتەمابوونی پاداشتی خواوە سەرچاوەی گرتووە و دەرچووە ، هەر بۆیە خوای گەورە بەخشینی چاکەی لەسەر ئاسان دەکات لەبەر ئەوەی کە ئومێدی پێی هەیە لە خێر و خۆشی ، وە شتە پێناخۆشبووەکانیشی لێ وەلادەنێت بە هۆی نیازپاك بوونی و بەتەمابوونی پاداشتەوە لای خوا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾﴾ [النساء] .

واتە : خێر و چاکە نییە لە زۆرێك لە وتە و قسەکانیان ئیللا کەسێك نەبێت کە فەرمان دەکات بە صەدەقە یان کردەوەی چاکە یان ئاشتەوایی نێوان خەڵك ، وە هەرکەسێك ئەوە بکات بە مەبەستی ڕەزامەندی خوا ئەوا ئێمە لە داهاتوودا پاداشتێکی گەورەی دەدەینێ .

خوای بەرز و پایەدار هەواڵیداوە بەوەی کە هەموو ئەم شتانە خێر و چاکەن لە هەر کەسێکەوە دەربچن ، وە خێر و چاکەیش خێر و چاکە بەدوای خۆیدا دێنێت و ڕادەکێشێت و شەڕ و خراپەیش وەلادەنێت و پاڵپێوەدەنێت ، هەروەها "ئیمانداری بەتەمای پاداشت" خوا ئەجر و پاداشتی گەورەی پێدەدات ، وە لە

ڕیزی ئەو ئەجر و پاداشتە گەورەیە : نەمان و لاچوونی خەم و خەفەت و پەژارە و ئاڵۆزیەکانی ژیان و هاوشێوەکانی ئەوانەیە .

## بەشێك

٣ ـ هەروەها لەو هۆکارانەی کە دەبێتە مایەی وەلانان و لادانی ئەو دڵەڕاوکێ و بێزاریەی کە پەیدابووە لە دەرئەنجامی شڵەژانی مێشك و توونـدبوونی ئەعصـاب و سەرقاڵبوونی دڵەوە بە هەندێك لەو شـتانەی کـە ژیـان ئـاڵۆز و نـاخۆش دەکـەن : سەرقاڵبوونە بە کردەوەیەك لە کردەوەکان یان زانستێك لە زانسـتە بەسـوودەکان ، چونکە ئەمە دڵ بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات لە سەرقاڵبوونی بەو شتەوە کە ڕاڕا و قەلەق و بێزاری کردووە .

وە لەوانەشـە بـە هـۆی ئـەو سـەرقاڵبوونەی بـە کردەوەیـەك یـان زانسـتێکی بەسـوودەوە ئـەو هۆکارانـە لـەبیربکات کـە بوونەتـە مایـەی خـەم و خەفـەت و بێتاقـەتبوونی ، ئـەو کاتـەش دەروونـی خۆشـحاڵ دەبێـت و گورجوگـۆڵی و چالاکبوونی زیاد دەکات .

هەروەها ئەم هۆکـارەش هاوبەشـە لـە نێـوان ئیمانـدار و جگـە لـەویش ، بـەڵام ئیمانـدار تایبەتـە و جیادەبێتـەوە بـە ئیمانەکـەی و نیازپـاکبوونی و بەتـەمابوونی دەستکەوتنی پاداشت لە لایەن خواوە بـە هـۆی سـەرقاڵبوونی بـەو زانسـتەوە کـە فێری دەبێت یان خەڵکی پێفێردەکات ، وە بە هۆی ئەو کـردەوە خێـر و چـاکەوە کە ئەنجامی دەدات ، کە ئەگەر ئەو کردەوەیە خۆی بۆ خۆی عیبـادەت و پەرسـتن بوو ئەوا عیبادەت و پەرستنە ، وە ئەگەر کارێکی دونیـایی یـان عـادەتێکیش بـوو

ئەوا نییەت و نیازێکی چاك و هەبوونی مەبەستی سوودوەرگرتن لەوە بۆ هاوکاری کردنی لەسەر تاعەت و عیبادەت کردنی خوا دەکاتە هاوشانی ئەو کارە دونیاییە یان ئەو عادەتە ، وە ئەمەیش شوێنەوارێکی کاریگەری هەیە بۆ وەلانان و لابردنی خەم و خەفەت و بێتاقەتی و پەژارەکان ، چەندین مرۆڤ هەبووە گرفتاربووە بە دەست قەلەقی و دڵەڕاوکێبوون و وابەستەبوونی بە ئاڵۆزی و ناخۆشیەکانی ژیانەوە و چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر سەریتێکردووە کە چی دەوای کارتێکەر و کاریگەری ئەو کەسە بریتی بووە لە : لەبیرکردنی ئەو هۆکارەی کە ژیانی لێتێکداوە و قەلەق و بێتاقەتی کردووە لەگەڵ سەرقاڵبوونی بە کارێکەوە کە کاروکرداری ئەوە .

وە دەبێت ئەو کارەیش کە پێیەوە سەرقاڵ دەبێت لەو شتانە بێت کە ناخ و دەروونی پێ ئاشنا و دڵگیر دەبێت و تامەزرۆیانە ، چونکە ئەمە کاریگەرترە بۆ بەدەست هێنانی ئەم مەبەستە بەسوودە ، وە خوایش زاناترە .

٤ ـ هەروەها لەو هۆکارانەی کە دەبێتە مایەی وەلانان و لادانی خەم و خەفەت و قەلەقی و دڵەڕاوکێبوون : کۆکردنەوەی هەموو هزر و فکر و بیرکردنەوەیە لەسەر گرنگی و بایەخدان بە کاری ئەمڕۆی ئامادەبوو ، وە دابڕینی لە گرنگی و بایەخدان بە کاتی داهاتوو ، هەروەها دابڕینی لە خەم و خەفەت خواردن بۆ کاتی ڕابردوو ، وە لەبەر ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) ـ لەو فەرموودەیەی کە (بوخاری و

موسلیم) گێڕاویانەتەوە ـ پەنایگرتووە بە خوا لە خـەم و خەفـەت و فەرموویـەتی : ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ))[1] واتە : خوایە من پەنات پێدەگرم لـە خـەم و خەفەت .

چونکە خەفەت خواردن و خۆبێتاقـەت کـردن لەسـەر شـتەکانی ڕابـردوو کـە ناکرێت و ناگونجێت بیانگێڕیتەوە و فریاشـیان ناکـەویت سـوودی نـیـیە ، وە ئـەو خەمەیش کە بـە هـۆی ترسـان لـە داهـاتووەوە پەیـدادەبێت هەنـدێك جـار زیـان و زەرەر دەگەیەنێت ، بۆیە پێویسـتە لەسـەر عەبـد کـەوا کـورِی ئـەو ڕۆژە بێـت کـە تێیدایە و هەوڵ و کۆششی کۆبکاتەوە بۆ چاك کردنی ئـەو ڕۆژ و کاتـەی کـە تێیـدا ئامادەیە ، چونکە کۆکردنەوەی دڵ لەسەر ئەوە کاملّکردنی کردەوەکـان مسـۆگەر دەکات و بەوەشەوە عەبد خـۆی سـەرقاڵدەکات لـە خـەم و خەفـەت و دڵنـەوایی خۆیی پـێدەکات .

وە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر دوعایەکی بکردایە یان ڕێنمـایی ئوممەتەکـەی بکردایـە بۆ دوعایەك ئەوا لەگەڵ داواکردنی یارمـەتی لـە خـوا و بەتـەماحبوونی فـەزڵی خـوا هانیشـیدەدان بـۆ هەوڵـدانی پڕبـەدڵ و کۆششـکردن بـۆ دڵدامـەزران لەسـەر

[1] رواه البخاري رقم : (٦٣٦٩) ومسلم رقم : (٦٨١٥) .  (الْهَمُّ) يكون في أمر متوقع حدوثه في المستقبل (وَالْحَزَنُ) فيما وقع وحدث في الماضي .. واتە : (الْهَمُّ / خەم) بۆ شتێکە کە پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبدات ، وە (الْحَزَنُ / خەفەت)یش بۆ شتێکە کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە . ـ وەرگێڕ ـ

بەدەستهێنانی ئەوەی کە دوعـای بـۆ دەکـات و دەپاڕێتـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی ، هــەروەها هانیشــیدەدان بــۆ خۆدامــاڵین و دەســتبەرداربوون لــەو شــتەی کــە دوعادەکـات و دەپاڕێتـەوە بـۆ لادان و نـەمانی چـونکە دوعـا و پاڕانـەوە هاوشـانە لەگـەڵ کـردەوەدا ، وە عەبـد هـەوڵدەدات و تێدەکۆشـێت بـۆ دەستخسـتنی ئـەو شتانەی کە سـوودی پێدەگەیـەنن لـە دیـن و دونیایـدا و داوا لـە پەروەردگاریشـی دەکـات کـە سـەرکەوتووبێت لــە مەبەسـتەکانی و داوای یارمــەتی و هاوکاریشــی لـێدەکات بۆ بەدەستهێنانی ئەوە ، هەروەکو چۆن پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ ، وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ ، وَلَا تَعْجِزْ ، وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ : لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَذَا كَانَ كَذَا وَكَذَا ، وَلَكِنْ قُلْ : قَدَّرَ اللَّهُ وَمَا شَاءَ اللَّهُ فَعَلَ ، فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ))[١].

واتە : سووربە لەسەر ئەوەی کە سوودی تێدایە بۆت و داوای یارمەتی لە خوا بکـە و بێدەسـەڵات و دەستەوەسـتان و کەمتەرخـەم مەبـە ، وە ئەگـەر شـتێکت تووشبوو پێشبینیکراو نەبوو ئەوا مەڵێ : "ئەگەر من ئاوام بکردایـە ئـەوا ئاوەهـا و ئاوەها دەبوو" ، بەڵکو بڵێ : خوا وایدانابوو (قەدەری خوا وابوو) وە خوا ویستــی لەهەر شتێك ببێـت دەیکـات ، چونکە

وتەی "ئەگەر ..." دەرگا بۆ کاری شەیتان دەکاتەوە .

---

[١] رواه مسلم رقم : (٦٧١٦) .

لێـــرەدا پێغەمبـــەر (ﷺ) نێـــوان فـــەرمانکردن بـــە ســـووربوون لەســـەر شـــتە بەسوودەکان لە هەموو بارێکدا و هـەروەها پشتبەسـتن بـە خـوا و کـۆڵ نـەدان بـۆ بێدەسەلاتی و کەمتەرخـەمی کـە بـریتـییـە لـە تەمبـەڵی زەرەرگەیەنـەر و نێـوان ملکەچبوون بۆ شتە ڕابـردووە جێبـەجێبووەکان و بینـینی قـەزا و قـەدەری خـوای کۆکردووەتەوە .

وە شتەکانیشی کردووە بە دوو بەشەوە :

بەشێکیان کە عەبد دەتوانێت هەوڵبدات بۆ بەدەستخستنی یان بەدەسـتخسـتنی ئەوەندەی کە لە توانایدا هەیە یان لادانی یان سووك و کـەم کردنـەوەی ، ئەمـەیان عەبد هەوڵی خـۆیی تێـدا بـەگڕ دەخـات و داوای یارمـەتیش لـە خـوای پـەرسـتراوی دەکات .

وە بەشێکی تریش کە عەبد ناتـوانـێت ئـەوەی تێـدا ئەنجامبـدات ، ئەمەشـیان عەبد پێی ئارام و ڕازی دەبێت و ملکەچ دەبێت بۆی ، وە گومانی تێـدا نـییـە کـە لەبەرچـاوگرتنی ئـەم بنچـینە و بنەمایـە هۆکـارە بـۆ خۆشـحاڵی و نـەمانی خـەم و خەفەت .

## بەشێك

٥ ـ وە لە گەورەترین هۆکـارەکانی سینــگ فراوانــی و ئاسـوودەی و ئـارامی دڵ و دەروون : زۆر زیکرکردنـــی خوایـــە ، بەڕاســـتی ئەمـــە کاریگەریـــەکی سەرسـوڕهێنەری هەیـە لـە بـواری سـینگ فراوانـی و ئاسـوودەی و ئـارامی دڵ و دەروون ، خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ ﴿٢٨﴾﴾ [الرعد] .

واتە : بزانـن بە زیکـری خوا دڵەکان ئاسوودە و ئارام دەبن .

بەڕاستی زیکرکردنی خوا کاریگەریەکی گـەورەی هەیـە لـە بەدەسـتهێنانی ئـەم خواستراوەدا (سینگ فراوانی و ئاسوودەی و ئـارامی دڵ و دەروون) ئـەویش لەبـەر تایبەتمەندێتی خوودی زیکرکردن خۆی و لەبەر ئـەوەیش کـە عەبـد ئومێـدی پـێی هەیە لە ئەجر و پاداشتەکەی .

❁ ❁ ❁

٦ ـ هەروەها دەربڕین و باسکردنی نیعمەتە دیار و نادیارەکانی خوا (نیعمەتە ئاشکرا و شاراوەکانی خوا) ، چونکە ناسینەوە و پێزانین و دەربڕین و باسکردنیان دەبێتە مایەی ئەوەی کە خوا خەم و خەفەتی پێلابدات ، وە هانی عەبدیش دەدات بۆ شوکر و سوپاس کردنی خوای گەورە کە ئەمە بەرز و بڵندترینی پلەکانە ئەگەر چی عەبدیش لە حاڵ و باری فەقیری و نەداری یان نەخۆشی یان جگە لەو دووانەشدا بێت لە جۆرەکانی بەڵا و ناهەمواری .

بەڕاستی ئەگەر مرۆڤ بەراوردێك بکات لە نێوان ناز و نیعمەتەکانی خوا بەسەریەوە ـ کە هەژمارناکرێن و نایەنە ژماردن ـ لەگەڵ ئەوەی کە تووشی دەبێت لەو شتانەی کە پێیان بێزاردەبێت و ناخۆشن بەلایەوە ئەوا شتە بێزراو و ناخۆشەکان بە بەراورد لەگەڵ ناز و نیعمەتەکاندا ڕێژەیان نییە .

بەڵکو شتە بێزراو و ناخۆشەکان و موسیبەت و کارەساتەکان ئەگەر خوا عەبدی پێیان تاقی کردەوە و ئەویش ئەرکی صەبر و ئارامگرتن و ڕازی بوون و ملکەچی تێیاندا بەجێهێنا ئەوا قورسی و ناڕەحەتی و بارگرانی ئەوانەی لەسەر سووك و ئاسان دەبێتەوە ، وە چاوەڕوان کردنی عەبد بۆ ئەجر و پاداشتی ئەوانە و عەبدایەتی کردنیشی بۆ خوا بە هەستانی بە ئەرکی صەبر و ئارامگرتن و ڕازی بوون شتە تاڵەکان شیرین دەکات و شیرینی پاداشتەکەی و تاڵاوی صەبرگرتنەکەی ئەوانەی لەبیر دەباتەوە .

٧ ـ وه لـه بەسـوودترینی شـتەکان لـەم شـوێنەدا بـەکارهێنانی ئەوەیـە کـە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنمایی بۆ کردووە لەو فـەرموودە صـەحیحەدا کـە فەرموویـەتی :

((انْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ مِنْكُمْ ، وَلاَ تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ ، فَإِنَّهُ أَجْدَرُ أَنْ لاَ تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ))[١].

واته : سەیری کەسانێك بکەن کە لە خوار ئێوەوەن ، وه سـەیری کەسـانێکیش مەکـەن کـە لـە سـەرەوەی ئێـوەوەن ، چـونکە ئـەوە شـیاوتر و شایسـتەترە کـە بەچاوی سووکەوە سەیری نیعمەتەکانی خوا نەکەن بەسەرتانەوە .

چونکە بەڕاستی ئەگەر عەبد ئەم تێبینی‌یە گەورەیەی خستە نێو چاوەکانیەوە ئـەو کاتـە خـۆی دەبینێتـەوە کـە ئـەو لەسـەرەوە و پێشـەوەی بەشـێکی زۆر لـە خەڵکەوەیە لە ڕووی بێوەیی و پێش و پاشەکانی و هەروەها لـە ڕووی ڕزق و ڕۆزی و پێش و پاشەکانی حـاڵی بگاتـە هـەر ئاسـتێك ، ئەگـەر وای کـرد ئـەوا قەلـەقی و دڵەڕاوکێ و خـەم و خەفـەتی نامێنێـت و خۆشـحاڵی و شـادبوونی زیـاد دەبێـت بـە نیعمەتەکانی خوا کە ئەو تێیاندا پێش جگە لە خـۆی کـەوتووە لـەو کەسـانەی کـە لەو بوارەدا لە خوارەوەی ئەون .

---

[١] رواه مسلم رقم : (٧٣٥٦) .

وە هەرچەندە عەبد تێڕامانی زیاتر و درێژخایەن بکات لە نیعمەتە ئاشکرا و شاراوەکانی خوا و نیعمەتە دینی و دونیاییەکانی ئەو کاتە دەبینێت کە خوای پەروەردگاری چەندین خێر و چاکەی پێبەخشیوە و چەندین شەڕ و خراپەشی لێلاداوە ، وە گومانیشی تێدا نییە کە ئەمە خەم و خەفەتەکان لادەبات و خۆشی و شادیەکانیش مسۆگەر دەکات .

❂ ❂ ❂

## بەشێك

٨ ـ وە لەو هۆکارانەی کە شادی و خۆشحاڵی و نەمانی خەم و خەفەت مسۆگەر دەکات : هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی کە خەم و خەفەت دەهێنێت و هەروەها هەوڵدانە بۆ بەدەستخستنی ئەو هۆکارانەی کە خۆشی و شادی دەهێنێت ، ئەوەیش بە لەبیرکردنی ئەوەی کە ڕابردووە و ڕۆیشتووە لەو شتە بێزراو و ناخۆشانەی کە ئەگەری گێڕانەوەیان نییە ، وە زانینی ئەوەی کە سەرقاڵکردنی بیر و فکری بەو شتانەوە لە بابەتی شتە بێمانا و مەحاڵەکانە ، هەروەها ئەوە بێعەقڵی و شێتییە ، بۆیە دەبێت بەرهەڵستی دڵی بکات لە بیرکردنەوە لەو شتانە و هەروەها لە دڵەڕاوکێ و قەلەقبوونی بۆ ئەوەی کە رووی تێدەکەن لەوەی کە خەیاڵی ئەوی بۆلا دەڕوات لە فەقیری یان لە ترس یان جگە لەو دووانە لەو شتە بێزراو و ناخۆشانەی کە ئەو خەیاڵی بۆلایان دەڕوات لە ژیانی داهاتوویدا .

وە بزانێت کە شتەکانی داهاتوو ئەوانەیان کە روودەدەن تێیدا لە خێر و لە شەڕ و لە ئاواتەکان و لە ئازارەکانیش وون و نادیارن ، وە هەموو ئەوانەش لە دەستی خوای باڵادەست و دانادایە ، وە هیچ لەوانە لە دەستی عەبدەکاندا نییە جگە لە هەوڵدانی نەبێت بۆ بەدەستخستنی خێرەکانی و لادانی زەرەرەکانی ، وە بشزانێت کە ئەگەر ئەو بیر و فکری لابرد لەسەر دڵەڕاوکێ و قەلەقبوونی لە پێناو

داهاتووی کاروباری و پشتی بە پەروەردگاری بەست لە چاك کردنیدا و دڵی بە خوا ئارام بوو لەوەدا ، ئەگەر ئەوەی کرد ئەوا دڵی ئاسوودە و ئارام دەبێت و باروگوزەرانیشی باش دەبێت و خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ و قەلەقبوونیشی نامێنێت .

٩ ـ وە لە بەسوودترینی شتەکان بۆ تێڕوانین لە داهاتووی کاروبارەکان بەکارهێنانی ئەم پاڕانەوە و دوعایەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەپاڕایەوە : ((اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي ، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي ، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي إِلَيْهَا مَعَادِي ، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ ، وَالْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ))[١].

واتە : خوایە دینداری کردنم بۆ چاك بکە کە پاراستنی گوزەرانمی پێوە بەندە ، وە دونیاشم بۆ چاك بکە کە ژیانمی تێدایە ، وە دواڕۆژیشم بۆ چاك بکە کە گەڕانەوەم بۆلایەتی ، وە ژیانم بکە بە مایەی زیادبوونی هەموو خێرێك بۆم ، وە مردنیشم بکە بە مایەی ئیسراحەت بۆم لە هەموو خراپەیەك .

هەروەها فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلاَ تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ))[١].

---

[١] رواه مسلم رقم : (٦٨٤١) .

[١] رواه أبو داود رقم : (٥٠٩٢) .

واتــە : خوایــە ئومێــدم بــە ڕەحمــەتی تــۆ هەیــە بۆیــە بــە ئەنــدازەی چــاوتروکاندنێکیش ڕاســپاردەی نــەفس و دەروونــی خــۆمم مەکــە ، وە هــەموو کاروبارم چاك بکە بۆم ، هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرسـتن بێـت جگـە لـە تۆ.

جا ئەگەر عەبد بە دڵێکی ئامـادە و نییـەتێکی ڕاسـتەوە زمـانی خـۆی ڕاهێنـا و بەردەوام بوو لەسەر ئەم دوعایـە کـە چـاکبوونی داهـاتووی ئـاینی و دونیـایی ئـەو کەسەی تێدایە لەگەڵ هەوڵدانی بۆ ئـەوەی کـە ئـەم مەبەسـتەی پێبەدیـدێت ئـەوا خوا ئەوەی بۆ بەدیدێنێت کە لە دوعاکەیدا داوای کـردووە و ئومێـدی پێهـەبووە و کردەوەی بۆ کردووە و خەمیشی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ خۆشی و شادی .

## بەشێك

١٠ ـ وە لـە بەسـوودترینی هۆکارەکـان بـۆ لابـردن و نەهێشـتنی قەلـەقی و دڵـەڕاوکێ و خەمـەکانی عەبـد ئەگـەر شـتێك لـە شکسـتخواردن و کارەسـاتەکانی بەسەردا هات ئەوەیە : کە هەوڵی سووك کردنەوەیان لەسـەر دڵ و دەروونـی بـدات بەوەی کـە گریمانـەی خـراپترینی حاڵەتـەکان بکـات کـە دەرئـەنجامی ئـەو شـتەی پێدەگات و ناخ و دەروونی خۆیشی لەسەر ئەوە جێگیر بکات ، وە ئەگـەر ئـەوەی کرد ئەنجا با هەوڵی سووك کردنەوەی ئەوەندەی بدات کە پـێی دەکرێـت سـووکی بکاتەوە بە پێی توانا ، ئا بەم دەروون جێگیرکردنە و بەم هەوڵە بەسوودە خەم و خەفەتەکانی نامێنن و لادەچن ، وە لە بری ئەوە : هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی سوودەکان و لادانی زیان و زەرەرەکان کە بۆ عەبد ئاسان دەبن .

وە ئەگـەر هۆکارەکـانی تـرس و هۆکارەکـانی نەخۆشـیەکان و هۆکارەکـانی فـەقیری و نـەبوونی ئـەو شـتانەی کـە خۆشـیانی دەوێـت لـە شـتە خۆشویسـتراوە جۆراوجۆرەکان هاتن بەسـەر عەبـدا ئـەوا بـا بـە دڵئـارامی و دەروون جێگیرکـردن لەسەر ئەوە وەریان بگرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات ، بەڵکو لەسـەر قورسـتریش لەوانە ئەوەنـدەیان کـە لـە توانـادا هەیـە ، چـونکە بەڕاسـتی دەروون جێگیرکـردن لەسـەر هـەڵگرتنی ناخۆشـیەکان و خـۆڕاگری لـە ئاسـتیاندا سـووك و ئاسـانیان دەکاتەوە و توونـدی و قورسیەکانیان لادەبـات و ناهێڵێـت ، وە بـە تایبـەت ئەگـەر

خۆیشی سەرقاڵ بکات بە پاڵپێوەنان و لادانیان بە پێی توانای خۆی ، ئەو کاتە لە حەقی ئەم کەسەدا هەم دەروون جێگیرکردن و هەم هەوڵدانی بەسوودیش کە سەرقاڵی دەکات لە بایەخدان بە موسیبەت و کارەساتەکان کۆدەبنەوە ، وە بەرهەڵستی دەروونی خۆیشی دەکات لەسەر نوێکردنەوەی هێزی بەرگری کردنی لە ناخۆشیەکان و شتە بێزراوەکان ، لەگەڵ پشت بەستنی بە خوا و متمانەی باش پێبردنی لەوەدا ، بێگومان ئەم شتانە سوودی گەورەیان هەیە لە بەدەستخستنی خۆشی و شادی و سینگ فراوانی ، لەگەڵ ئەوەی کە عەبد چاوەڕوانی دەبێت لە پاداشتی پێشخراو و دواخراویش ، وە ئەمەیش بینراوە و تاقیکراوەتەوە ، وە ڕوودانی لەو کەسانەوە کە تاقییان کردووەتەوە زۆر زۆرن .

## بەشێك

١١ ـ وه له گەورەترینی عیلاج و چارەسەرەکان بۆ نەخۆشیە دەروونیەکانی دڵ بەڵکو هەروەها بۆ نەخۆشیە جەستەییەکانیش بریتی‌یە لە : بەهێزبوونی دڵ و بێزارنەبوون و هەڵنەچوونیەتی بە هۆی ئەو خەیاڵانەی کە بیرۆکە خراپەکان دەیانهێنن ، چونکە هەرکاتێك مرۆڤ ملی دانواند بۆ خەیاڵ و ئەندێشەکان و دڵی کاریگەربوو بۆ کارتێکەرەکان لە : ترسان لە نەخۆشیەکان و تووڕەبوون و شڵەژان لە هۆکارە ئازاربەخشەکان و لە پێشبینی کردنی ڕوودانی ناخۆشیەکان و نەمانی خۆشویستراوەکان ئەوا ئەمە دەیخاتە ناو خەم و خەفەت و نەخۆشیە دەروونیەکانی دڵ و نەخۆشیە جەستەییەکان و هەروەها تووشی داڕووخانی دەروونی دەکات کە چەندین شوێنەواری خراپی هەیە کە خەڵکی زیانە زۆرەکانیان بینیوە .

١٢ ـ وه هەرکاتێك دڵ پشتی بە خوا بەست و متمانەی لەسەر خوا بوو ، وە ملی دانەنواند بۆ خەیاڵ و ئەندێشەکان و خەیاڵ و داڵغەلێدانە خراپەکان دەستیان بەسەریدانەگرت ، وە متمانەی هەبوو بە خوا و تەماحی فەزڵی خوای هەبوو ، ئەو کاتە بەوە خەم و خەفەتەکانی لەسەر لادەچێت و زۆربەی نەخۆشیە جەستەیی و دەروونیەکانی نامێنێت ، وە هەندە لە بەهێزبوون و سینگفراوانی و خۆشی و

شادی بەدیدێن بۆ دڵ کە ناتوانرێت دەرببڕێن و تەعبیریان لـێبکرێت ، ئایا چەند لـە نەخۆشـخانەکان پڕکـراون لـە نەخۆشـکەوتوانی خـەیاڵ و داڵغـە و ئەندێشـە خراپـەکان ؟ وە ئایـا ئـەم شـتانە چـەند کاریگـەریان کردووەتـە سـەر زۆرێـك لـە کەسانی بـەهێز و بـە توانـا چ جـای کەسـانی لاواز ؟ وە ئایـا چـەند بوونەتـە هـۆی بێعەقڵی و شێتبوون ؟ وە کەسی ساغ و سەلامەت ئەو کەسـەیە کـە خـوا بێـوەیی کـردووە و یارمەتیـداوە بـۆ جیهـاد کردنـی دەروونـی بـۆ بەدەسـتهێنانی هۆکـارە بەسوودە بەهێزکەرەکانی دڵ کە دەبنە لابەر و پاڵنەری دڵەڕاوکێ و قەلـەقبوونی ، خــوای گــەورە فەرموویــەتی : ﴿وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ۚ ﴿٣﴾ ﴾ [الطلاق] واتە : هەرکەسێك پشت بەخواببەستێ ئەوا خوا بەسە بۆی ، واتا خـوا بەسـە بـۆی لە بەدەستهێنـانــی هەموو ئەو شتانەی کە جێی بایەخپێـدانی

ئەون لە کاروباری دین و دونیای .

ئەو کەسـەی کـە پشـت بـە خـوا دەبەسـتێت دڵـی بـەهێزە و خـەیاڵ و بیرۆکـە خراپەکان کاریگەری تێناکەن و ڕووداوەکان بێزاری ناکەن ، چونکە ئـەو دەزانێـت کە ئەمـە لـە دەروون لاوازی و بێهێـزی و داڕوخـان و ترسـێکەوەیە کـە حەقیقـەتی نـیـیـە ، وە لەگــەڵ ئەوەیشــدا دەزانێــت کــە خــوا ئــەو کــەسەی کــە پشــتی پێدەبەستێت لەئەستۆی خۆی گرتووە لەئەستۆگرتنێکی تەواو ، بۆیە متمانەی بە خوا هەیە و دڵی ئارامە بە وەعد و پـەیمانی ، بـە هـۆی ئەمـەوە خـەم و خەفـەت و

دڵـەڕاوکێ و قەلەقبوونەکـەی نامێنێـت و تەنگیەکەشـی دەگۆڕێتـەوە بـە خۆشـی و بێتاقەتبوونەکەشــی بــە شــادی و ترسەکەشــی بــە ئــارامی ، داوای بێــوەیی و سەلامەتی لە خوا دەکەین ، هەروەها داوای ئەوەشی لـێدەکەین کە بمانخاتـە بـەر فـەزڵ و چـاکەی خـۆی بـەوەی کـە دڵـەکانمان بـەهێز و دامـەزراو بکـات و پشـت پێبەستنی کـامڵیش بکاتـە نسـیبمان کـە خـوا دەسـتەبەرکردنی هـەموو خێرێـك و لادانی هەموو ناخۆشی و زەرەرێکیشی گرتووەتە ئەستۆی خۆی بۆ ئـەو کەسـانەی کەوابن .

## بەشێك

١٣ ـ وە لەم فەرمایشتەی پێغەمبـەریش (ﷺ) دوو سـوودی گـەورەی تێدایـە : ((لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقَاً رَضِيَ مِنْهَا خُلُقَاً آخَرَ))[١] واتـە : بـا پیـاوی ئیماندار ڕق هەڵنەگرێت لە ئافرەتی ئیماندار ئەگەر ڕەوشتێکی ئـەو ئافرەتـەی پـێ ناخۆش بوو بەڵام لە هەمان کاتدا ڕازی بوو لە ڕەوشتێکی تری .

**یەکەمینیان** : ڕێنمایی کردنی تێدایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسـەر و خـزم و هاوڕێ و ئەو کەسانەش کە ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکـەیت و هـەروەها هـەموو ئەو کەسانەش کە لە نێوان تۆ و ئەواندا پەیوەندی و بەیەك گەیشـتنێك هەیـە ، وە

[١] أخرجه مسلم ، كتاب الرضاع ، باب الْوَصِيَّةِ بِالنِّسَاءِ ، رقم : (١٤٦٩) .
[ومعنى "لاَ يَفْرَكْ" : أي لا يُبغض] قاله الشيخ ابن العثيمين رحمه الله .

دەبێت ئەوەش لە ناخی خۆتدا جێگیر بکەیت کە ئەو کەسە هەر دەبێت عەیبەیەك یان کەم و کوڕی و نقوسانییەك یان شتێکی تێدا هەبێت کە تۆ پێت ناخۆشە ، جا ئەگەر ئەوەت بینی ئەوا بەراورد بکە لە نێوان ئەمە و ئەوەیش کە پێویستە لەسەرت یان دەبێت بیکەیت لە بەهێزبوونی پەیوەندی و هێشتنەوەی خۆشەویستی ، ئەمەش بە وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە تێیدا هەیە لە چاکە و جوانیەکان و هەروەها مەبەستە تایبەت و گشتییەکان ، ئا بەم چاوداگرتن و چاوپۆشی کردنە لە خراپەکان و بینین و لەبەرچاوگرتنی چاکە و جوانیەکان هاوڕێیەتی و پەیوەندی بەردەوام دەبێت و ئاسوودەیی و ئارامی کامڵ دەبێت و بۆتیش بە دەست دێت .

**سوودی دوومیان** : بریتییە لە نەمانی خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ و قەلەقبوون و مانەوەی دڵپاکی بەردەوام بوون لەسەر هەستان بە جێیەجێکردنی مافە فەرز و سوننەتەکان و بەدیهێنانی ئاسوودەیی و ئارامی نێوان هەردوولا .

وە هەرکەسێك ڕێنمایی لەمەوە وەرنەگرێت کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردووە بەڵکو بابەتەکەی پێچەوانە کردەوە و چاوی بڕییە خراپەکان و خۆی کوێرکرد لە ئاست چاکە و جوانیەکان ئەوا هەر دەبێت قەلەق و بێتاقەت ببێت ، وە هەر دەبێت ئەو خۆشەویستییەی کە لە نێوان ئەم و ئەوانەی کە پەیوەندی هەیە لە

نێوانیان گەرد بگرێت ، وە زۆرێك لەو حەق و مافانەش دەپچڕێت کە پێویستە لەسەر هەر یەکێکیان

پارێزگاری لەسەر بکات .

وە زۆرێك لە خەڵکانی هیممەت بەرز هەن لە کاتی ڕوودانی کارەسات و شتە بێزارکەرەکاندا ناخ و دەروونی خۆیان جێگیر دەکەن لەسەر صەبر و خۆڕاگرتن و هێوربوون و دڵئارامی ، بەڵام لە ئاست شتە بێنرخ و سادەکاندا قەلەق و بێتاقەت دەبن و نێوان پاکییان گەردی تێدەکەوێت ، هۆکاری ئەوەیش ئەوەیە کە ئەو کەسانە لە ئاست شتە گەورەکاندا ناخی خۆیانیان جێگیرکردووە و لە ئاست شتە بچوکەکانیشدا وازیان لێهێناوە ، بۆیە ئەمە زیان و زەرەری پێگەیاندوون و کاریگەریشی کردووەتە سەر ئارامی و ئاسوودەییان ، بەڵام کەسی دامەزراو و یەکلا ناخی خۆی جێگیر دەکات لەسەر شتە کەم و گەورەکانیش و داوا لە خوایش دەکات کە یارمەتی بدات لەسەر ئەوە و ڕاسپاردەی نەفس و دەروونی خۆیی نەکات بە ئەندازەی چاوترووکاندنێکیش ، ئەو کاتە شتە بچوکەکانیشی لەسەر ئاسان دەبێت هەروەکو چۆن شتە گەورەکانی لەسەر ئاسان بووە ، وە بە دەروون ئارامی و دڵ ئاسوودەیی و ئیسراحەت دەمێنێتەوە .

## بەشێك

١٤ ـ کەسی ژیر و عاقڵ دەزانێت کە ژیانی ڕاستەقینەی بریتـی‌یـە لـە ژیـانێکی بەختەوەر و ئارام و ئەوەیش زۆر کورتە ، بۆیە شیاو نـی‌یـە بـۆی کـە ژیـانی خـۆی کورت تـر بکاتـەوە بـە خـەم و خەفـەت و ڕۆیشـتن لەگـەڵ تـاڵی و ناڕەحەتیـەکانی ژیانـدا چـونکە ئـەوە دژی ژیـانی ڕاسـتەقینەیە ، هـەر بۆیـە دەسـت دەگرێـت بـە ژیانیـەوە نـەوەك زۆرێکـی لـێ‌بڕوات بـە تـاڵانبراوی خـەم و خەفـەت و تـاڵاوی و ناڕەحەتیـەکان ، وە لەمەیشـدا هـیچ جیاوازیـەك نـی‌یـە لـە نێـوان چـاکەکار و خراپەکاردا ، بەڵام ئیماندار لە بەدیهێنانی ئەم سیفەتەدا بەشی هەرە زۆر و پشکی بەسوودی پێشخراو و دواخراویشی هەیە .

١٥ ـ هەروەها ئەگەر ناخۆشیەکیشـی تـووش بـوو یـان ترسـی تـووش بـوونی ئەوەی هەبوو ئەوا دەبێت بەراورد بکات لە نێوان ئەو نیعمەتە دینی و دونیاییانـەی تر کە بۆی بەدەستهاتوون لەگەڵ ئەوەی کـە تووشـی بـووە لـە ناخۆشـی ئـەوا لـە کـاتی ئـەم بـەراورد کردنـەدا زۆری ئـەو نیعمەتانـەی کـە ئـەو تێیدایـە بـۆ ڕوون دەبێتەوە و ئەوەیش کە تووشی بووە لە ناخۆشی و ناڕەحەتی دەڕوات و نامێنێـت .

هەروەها بەراوردی نێوان ئـەوەش دەکـات کـە ترسـی لـێ‌ی هەیـە لـە ڕوودانـی زەرەر بەسەریدا لەگەڵ ئەگەرە زۆرەکانی بێوەیی و سەلامەت بوون لەو مەترسی‌یە

، وە نەشهێڵێت ئەگەرە لاوازەکە زاڵ ببێت بەسەر ئەگەرە زۆرە بەهێزەکان و بەوەیش خەم و خەفەتی نامێنێت ، وە با پێشبینی ڕوودانی گەورەترینی ئەگەرەکان بکات کە لەوانەیە تووشی ببێت ، وە ناخیشی جێگیر بکات لەسەر ڕوودانی ئەگەر ڕوویدا و هەوڵیش بدات بۆ لادانی ئەوەی کە ڕوونەداوە و لابردنی ئەوەیش کە ڕوویداوە یان سووك و کەم کردنەوەی .

١٦ ـ هەروەها لە شتە بەسوودەکان لەم بوارەدا ئەوەیە بزانیت کە ئەزێتدانی خەڵك بۆ تۆ و بە تایبەتیش لە وتە و قسە خراپەکان زیان و زەرەر بە تۆ ناگەیەنێت بەڵکو زیان و زەرەری بۆ خۆیان هەیە ئیللا مەگەر خۆت سەرقاڵ بکەیت بە بایەخدان بەوەوە و دەرفەتی ئەوەی پێبدەیت کە زاڵ ببێت بەسەر هەستەکانتدا ، ئا ئەو کاتە زیانت پێدەگەیەنێت وەکو چۆن زیانی بەوان گەیاندووە ، وە ئەگەر تۆ گوێی پێنەدەیت ئەوا هیچ زیانت پێناگەیەنێت .

١٧ ـ وە بشزانە کە ژیانت دوای بیرکردنەوەکانت دەکەوێت ، جا ئەگەر ئەو بیرکردنەوانە لەوەدا بێت کە سوودەکەی لە دین و دونیادا دەگەڕێتەوە بۆت ئەوا ژیانت خۆش و بەختەوەر دەبێت ، ئەگینا بە پێچەوانەوە دەبێت .

١٨ ـ هەروەها لە بەسوودترینی شتەکان بۆ دەرکردنی خەم و خەفەت ئەوەیە کە ناخی خۆت جێگیر بکەیت لەسەر ئەوەی کە داوای سوپاس لە کەس نەکەیت تەنها لە خوا نەبێت ، جا ئەگەر چاکەت کرد بۆ کەسێك کە حەق و مافی هەیە

بەسەرتەوە یان بۆ کەسێك کە حەق و مافی نییە بەسەرتەوە ئەوا بزانە کە ئەمە مامەڵەی تۆیە لەگەڵ خوادا بۆیە گوێ مەدە بە سوپاسگوزاری کەسێك کە چاکەت هەیە بەسەریەوە هەروەکو چۆن خوای گەورە لە حەقی تایبەترین دروستکراوەکانیدا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءٗ وَلَا شُكُورًا ٩ ﴾ [الإنسان] .

واتە : بەڕاستی ئێمە خواردنتان پێدەدەین لەبەر خاتری روومەتی خوا و نە پاداشت و نە سوپاسمان لێتان دەوێت .

وە ئەمەیش جەختی لەسەر دەکرێتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێزان و منداڵەکان و ئەوانەی کە پەیوەندیت لەگەڵیاندا بەهێزە ، هەرکاتێك ئەوەت لە ناخی خۆتدا جێگیر کرد کە خۆپارێزی بکەیت لە شەڕ و خراپەیان ئەوا ئارامیت داوە بە ئەوان و بە خۆتیش .

وە لەو شتانەی کە ئارامی و ئاسوودەیی دەخوازێت وەرگرتنی چاکەکانە و کارکردنە لەسەر ئەوە بە پێی خواستی دەروونی مرۆڤ بەبێ خۆبارگران کردن و ئەرك خستنەسەرخۆیەك کە قەلەق و بێتاقەتت بکات ، وە بە ڕێگای خۆتدا دەگەڕێیتەوە بە بێئومێدی لە بەدەستهێنانی چاکە هەرکاتێك کە ڕێگای لاروچەوت بگریتەبەر ، وە ئەمەیش بەشێکە لە دانایی و حیکمەت ، وە دەبێت لە شتە ئاڵۆز

و لێڵەکانیش شتانێکی روون و شیرین ببەیت و بەوەیش چێژە پاك و پوختەکان زیاد دەبن و تاڵاو و ناڕەحەتیەکانیش نامێنن .

١٩ ـ شتە بەسوودەکان بخەرە نێوچاوت و کاربکە لەسەر بەدەستهێنانیان ، وە لامەکەرەوە بۆلای شتە زیانگەیەنەرەکان بۆ ئەوەی بەوەوە سەرقاڵ ببیت لە ئەو هۆکارانەی کە خەم و خەفەت دێنن ، وە یارمەتی بخوازە لە ئارامی و کۆکردنەوەی ناخ و دەروون لەسەر کردەوە گرنگەکان .

٢٠ ـ هەروەها لە شتە بەسوودەکان یەکلاکردنەوەی کردەوەکانە لە حاڵی ئێستادا و خۆئامادەکردنیشە بۆیان لە داهاتوودا ، چونکە ئەگەر کردەوەکان یەکلانەکرێنەوە ئەوا ئەو کردەوانەی ڕابردوویش کە ماونەتەوە کۆدەبنەوە لەسەرت و ئەو کردەوانەش کە دێنەپێشت لەسەریان کەڵەکە دەبن و ئەو کاتە بارقورسییان زیاتر دەبێت ، جا ئەگەر هەموو شتێکت لە کاتی خۆیدا یەکلاکردەوە ئەوا بەرەو شتەکانی داهاتوو دەڕۆیت بە بیرکردنەوەیەکی بەهێز و کردەوەیەکی بەهێز .

٢١ ـ وە دەبێت لە کردەوە بەسوودەکانیش ئەوانەیان هەڵبژێریت کە گرنگتر و گرنگترینن ، وە جیاکاریش بکە لە نێوان ئەوەی نەفس و دەروونت بۆلای دەڕوات و زۆر ئارەزووی دەکەیت ، چونکە دژەکەی بێتاقەتی و بێزاری و ناڕەحەتی دەهێنێت ، وە یارمەتیش بخوازە لەسەر ئەوە بە بیرکردنەوەی ڕاست و دروست و

پرس و ڕاوێژکردن ، چونکە هەرگیز ئەو کەسە پەشیمان نابێتەوە کە پرس و ڕاوێژ دەکات ، وە ئەوەی کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت لە پێشدا خوێندنەوەیەکی ووردی بۆ بکە ، وە ئەگەر بەرژەوەندی ئەو کارەت بۆ یەکلابوویەوە و بڕیارتدا لەسەری ئەوا پشت بە خوا ببەستە لەسەر ئەنجامدانی چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن .

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَـمِين

وَصَلَّـى اللهُ عَلَـى سَيِّدِنَا مُـحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم

# کۆتایی ئەم چاپە

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بە نازونیعمەتەکانی کارە چاکەکان تەواودەبن ، هەروەها سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە دووبارە چاپکردنەوەی ئەم کتێبە چاکەی ئاسان کرد کە وەك خەستەخانەیەك دادەنرێت بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان لە ژێر ڕۆشنایی کتێبەکەی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کەوا هەرکەسێك دەستیان پێوە بگرێت ئەوا نە گومڕا دەبێت و نە بەدبەختیش دەبێت ، وە خوای گەورە ـ کە ڕاستگۆترینی خاوەن وتەکانە ـ لە کتێبە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی : ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٢﴾﴾ [الإسراء] واتە : وە ئێمە لەو قورئانە دادەبەزێنین ئەوەی کە شیفا و ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ﴿٤٤﴾﴾ [فصلت] واتە : بلێ ئەم قورئانە ڕێنمایی و شیفایە بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە .

جا با موسڵمان ئەم قورئانە بخوێنێتەوە و شیفای لێوەربگرێت و ئەوەی کە تێیدایە جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی خۆشگوزەران بێت بە ئارامی دەروون و

ئاسوودەی دڵ و ئەوەیش فەزڵ و چاکەی خوایە دەیدات بە هەرکەسێك کە ویستی لێ‌هەبێت ، وە خوایش خاوەن فەزڵ و چاکەی گەورەیە .

وە من هەوڵی خۆمم لەم کتێبەدا بەگڕخستووە بە ڕاستکردنەوەی و ساغکردنەوەی و ژمارەدانان بۆ ئایەتە قورئانیەکان و دەرهێنان و تەخریج کردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ، هەروەها ژمارەشم داناوە بۆ بنەماکان بۆ ئاسان کردنەوەی تێگەیشتنیان .

وە لە کۆتاییدا داوا لە خوای بەخشندەی پەروەردگاری عەرشی گەورە دەکەم کەوا بەم کتێبە سوود بگەیەنێت بە نووسەرەکەی و خوێنەرەکەی و گوێبیستەکەی و بڵاوکەرەوەکەی ، وە تەنها ئەو بەسە بۆ ئێمە و باشترین کەسێکیشە کە پشتی پێ‌ببەسترێت ، وە هیچ جوڵە و توانایەکیش نییە ئیللا بە خوای بەرز و گەورە نەبێت .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ ، وَصَلَوَاتُ اللهِ وَسَلَامُهُ عَلَى خَيْرِ خَلْقِهِ وَأَنْبِيائِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَأَتْبَاعِهِ إِلَى يَومِ الدِّين .

عبد الله بن جار الله الجار الله

في (١ / ٤ / ١٤٠٣ هـ)

سوپاس بۆ خوای گەورە تەواو بووم لە وەرگێڕانی

ئەم کتێبە زۆر بەسوود و گرنگە

لە ناو مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

لە شاری مەدینەی منەووەرە

لە ڕۆژی یەك شەممە / کاتژمێر : (٤ : ٠٠)ی پاش عەسر

(١ / جُمادی الأُولـی / ١٤٣٨) بەرامبەر بە (٢٩ / ١ / ٢٠١٧)

محمد عبد الرحمن لطيف

# ناوەڕۆك

* پێشەکی وەزارەتی کاروباری ئیسلامی و ئەوقاف ...................... ٣

* پێشـەکی چاپی سـێیەم لـە لایـەن (الشيخ عبد الله بن جار الله الجار الله)وە ... ٨

* پێشەکی چاپی یەکەم لە لایەن دامەزراوەی نور بۆ چاپکردن و لەبـەرگگرتن ... ١٣

* ژياننامەی دانەر ................................................ ١٣

* پێشەکی دانەر ................................................ ١٨

**ڕێگـا بەسـوودەکانی گەیشـتن بـە ژیـانێکی بەختـەوەر :** .......... ٢٠

١ / ئيمان و كردەوەی چاكە ................................ ٢٠

٢ / چاکەکردن لەگەڵ خەڵك بە وتە و بە کردەوە و بە جۆرەکانی چاکە . ٣٠

٣ / سـەرقاڵبوون بـە کردەوەیـەك لـە کردەوەکـان یـان زانسـتێك لـە زانسـتە بەسوودەکان ... ٣٢

٤ / بایەخدان بە کاری ئەمڕۆی ئامادە و خۆدابڕین لە بایەخدان بە کاتی داهاتوو ... ٣٤

٥ / زۆر زیکرکردنی خوای گەورە ........................................ ٣٨

٦ / دەربڕین و باسکردنی نیعمەتە دیار و نادیارەکانی خوا ............... ٣٩

٧ / سەیرکردنی کەسانێك کە لە خوار تۆوەن لە خۆشیەکانی دونیادا .... ٤٠

٨ / هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی کە خەم و خەفەت دەهێنن بە لەبیرکردنی ئەو ناخۆشیانەی کە بەسەرچوون .......................... ٤٢

٩ / دوعاکردن بۆ چاکبوونی دین و دونیا و دوارۆژ ...................... ٤٤

١٠ / هەوڵدان بۆ سووك کردنەوەی کاریگەری شکستخواردن و کارەساتەکان لەسەر دڵ و دەروون بەوەی کە گریمانەی خراپترینی حاڵەتەکان بکات کە دەرئەنجامی ئەو شتەی پێدەگات ................................ ٤٥

١١ / بەهێزبوونی دڵ و بێزارنەبوون و هەڵنەچوونیەتی بە هۆی خەیاڵاتەوە ... ٤٧

١٢ / پشت بەست بە خوا و متمانەبوون لەسەر خوا ...................... ٤٧

١٣ / بەرامبەرکردنەوەی خراپە بە چاکە ............................ ٥٠

١٤ / خەم و خەفەت نەخواردن و نەڕۆیشتن لەگەڵ تاڵی و ناڕەحەتیەكانی ژیان ... ٥٣

١٥ / بەراوردكردن لە نێوان ئەو نیعمەتە دینی و دونیاییانەی كە بەدەستهاتوون لەگەڵ ئەوەی كە تووشی مرۆڤ دەبن لە ناخۆشی ...................... ٥٣

١٦ / خۆسەرقاڵ نەكردن و بایەخنەدان بە وتە و قسە خراپەكانی خەڵك. ٥٤

١٧ / بیركردنەوە لەو شتانەی كە سوودەكەی لە دین و دونیادا دەگەڕێتەوە بۆت ... ٥٥

١٨ / داوانەكردنی دەستخۆشی و سوپاس كردن ئیللا لە خوا نەبێت ..... ٥٥

١٩ / خۆیەكلاكردنەوە بۆ شتە بەسوودەكان و كاركردن لەسەر بەدەستهێنانیان و لانەكردنەوە بەلای شتە زیانگەیەنەرەكاندا .............................. ٥٦

٢٠ / یەكلاكردنەوەی كردەوەكان لە حاڵی ئێستادا و خۆئامادەكردنیش بۆیان لە داهاتوودا .................................................... ٥٧

٢١ / هەڵبژادنی گرنگتر و گرنگترین كردەوە بەسوودەكان و ئەوەی نەفس و دەروونت بۆلای دەڕوات و زۆر ئارەزووی دەكەیت ...................... ٥٧

* كۆتایی ئەم چاپە ........................................ ٥٩

* ناوەڕۆك ........................................................... ٦٢

❁ ❁ ❁